حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە (١٦٥) لە ٢٠٢٢/٧/٢٠**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٨) لە ٢٠٢٢/٧/٢٠، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پڕۆژە یاسای (هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەی شوورای هەرێمی کوردستان-عێراق) ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و ئاڕاستەکردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ تەشریعکردنی بە ڕەچاوکردنی ئەو سەرنج و تێبینییانەی لەسەر ماددە و بڕگەکانی ڕەشنووسەکە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو.

٢. ڕاسپاردنی هەریەک لە بەڕێزان (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران) بە هەماهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی شورای هەرێم و بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ داڕشتنەوەی ڕەشنووسی پڕۆژە یاساکە بەو شێوەیەی لە دەرئەنجامی گفتوگۆکانی ناو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لێدرا.

٣. پێداچوونەوەی ئەم بابەتە جارێکی دیکە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و پڕۆژەیەکی گشتگیرتر ئامادە بکرێت لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتی دادوەری و نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

٤. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ڕەوانەکردنی پڕۆژە یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ تەشریعکردنی دوای جێبەجێکردنی بڕگەکانی (١) و (٢)ی سەرەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**